فەرید ئەسەسەرد

# پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

فەرید ئەسەسەرد
پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
(١٣٥٠) ساڵی ٢٠١١
لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تیراژ: (٤٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (١٥)

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابینكردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا

مێژوی دەرکەوتنی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانی بۆ سەدەی هەژدەهەمو وردتر، بەپێی (نیازی بەرکەس) کەیەکێکە لەو نوسەرانەی تورك کەزوو بانگەشەیان بۆ عەلمانیەت کردوە، بۆ ساڵی ١٧١٨ دەگەڕێتەوە. لەو مێژووەدا سوڵتان ئەحمەدی سێیەم (١٧٠٣-١٧٣٠) رەزامەندیی لەسەر پڕۆژەیەك نیشاندا کەئەفسەرێکی فەرەنسی پێشکەشی کردبوو، بەپێی ئەم پڕۆژەیە هەندێ لەروخسارو رواڵەتەکانی پێشکەوتنی ئەوروپا بۆ ناو



دامودەزگا عوسمانیەکان گوێزرایەوە[1] و دەشێ لەڕوی مێژوییەوە بەیەکەم وێستگەی عەلمانیەت دابنرێ.

ئەم سەرەتایە کە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەچەمکی لێك جیاکردنەوەی ئاینو دەوڵەتەوە نیە، رونیدەکاتەوە کەهەست کردنی دەستەبژێرە بەرچاوڕونو دەسەڵاتدارەکان بەپێویستی مۆدێرنیزەکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت کە هەست کردنێکە زادەی پێداویستیە ناوخۆییەکانەو لەژێر کاریگەریی فاکتەرە دەرەکیەکاندا نیە، ریزە تەگبیرێکی لێکەوتەوە کەبوە مایەی فەراهەم کردنی هەلومەرجی دەرکەوتنی برێکی گونجاوی بیروباوەڕی عەلمانی. ئەم شیکردنەوەیە هاندەرە بۆ ئەوەی بڵێین لەتورکیای عوسمانیدا مۆدێرنیزەکردن هاوتای عەلمانیەتە بەشێوەیەکی سەرەتاییو چەند دەسەڵات بەلای

---

[1] دکتۆر خەلیل ئیبراهیم عەللاف، رەگوڕیشەی عەلمانیەت لەتورکیای مۆدێرن، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ١، ساڵی حەڤدەهەم، ئایاری ٢٠٠٩، سلێمانی، ل ١٩١.

مۆدێرنیزەکردنی پێکهاتە بنچینەییەکانی دەوڵەتدا دایشکاندووە، ئەوەندەش، بەهەمان بڕ، بیروباوەڕی عەلمانی، ڕۆشنترو رونتر خۆی نواندووەو باشتر بڵاو بۆتەوە. ئەمە بەو مانایە دێ کەهەوڵەکانی مۆدێرنیزەکردن هەلومەرجێکی بابەتیان بۆ دەرکەوتنێکی هێواشو لەسەرخۆو خۆبەخۆ بۆ بیروباوەڕی عەلمانی ساز کرد. پەیوەندی دەرکەوتنی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا بەمۆدێرنیزەکردنی دەوڵەتو لاساییکردنەوەی سیستمە پێشکەوتووە ئەوروپاییەکانی بەڕێوەبردنەوە بەرگێکی پێشکەوتنخوازانە دەکاتە بەر عەلمانیەت بەو پێیەی کەلێرەدا عەلمانیەت روخسارەکانی خۆنوێکردنەوەو پێشکەوتن بەرجەستە دەکاو میتۆدێکی نوێی مامەڵەکردن لەگەڵ ژیان گەڵاڵە دەکا.

هەنگاوەکانی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت لەناوەڕۆکدا ئاماژەی بەهێزیان بۆ جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت تێدا نیە. گرنگترین کرۆکی تەوژمی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت هەوڵدانی بێوچان بوو بۆ لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی



چەمکە ئاساییە دێرینە باوەکەی دەوڵەت لەڕۆژهەڵاتی موسڵمانداو گۆڕینی بەچەمکێکی تازەی هاوچەرخی پشت ئەستور بەدامودەزگاو یاسای نوسراوو چەمکی هاووڵاتیبون. ئەم چەشنە بیروباوەڕانە، ڕۆژهەڵات بەدرێژایی مێژوی دێرینی بەخۆیەوەی نەدیوە. دیارە بیرکردنەوەی ڕۆژهەڵاتیانە ئەم جۆرە بیروباوەڕانەی بەرهەم نەهێناوە. مایەی تێڕامانیشە کەجیهانی ئیسلام لەسەردەمی لەشکرکێشی مەغۆلەوە بەشێکی زۆری فاکتەرو مەرجەکانی باڵادەستیو هێزو توانای خۆی لەدەستدابوو، ئەو هەلومەرجەی پاش لەشکرکێشیەکە هاتە ئاراوە چەند سەدەیەك جیهانی ئیسلامی پەکخستو لەپێشکەوتنی ئاسایی خۆی دابڕاند.

دیارە بیرکردنەوە لەچاکسازی پێش دەستکردن بەجێبەجێکردنی بەماوەیەکی زۆر هەبوە. گەورەترین تەگەرەی بەردەم چاکسازی نە سوپای یەنی چەری پەیوەندی پێوە هەیە نە دامەزراوەی ئاینی، بەڵکو زیاتر پەیوەندی

بەفاکتەری کەلتورەوە هەبوە. بیری زاڵ بەسەر کۆمەڵی عوسمانیدا ئەوە بوو کەموسڵمانان لەئەوروپاییەکان سەروەرترو سالارترن، ئەویش لەو روانگەیەوە کە ناموسڵمانی ئەوروپاییەکان هیچ بەهایەك بۆ پێشکەوتنی شارستانیو تەکنەلۆژیاییان ناهێڵێتەوەو شارستانێتیەکەیان لەبەر پشت بەستنی بەماددەو دورکەوتنەوەی لەبەها روحانیەکان ئومێدی هیچ شتێکی باشی لەسەر هەڵناچنرێ. ئەم گرێیەی خۆبەزلزانی رێگر بوو لەبەردەم هانا بردن بۆ سیستەمو رێوشوێنە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا[٢].

ئەمە بەو مانایە دێ کەهێزە کۆمەڵایەتیە پارێزگارەکان لەو بڕوایەدا بون کەوەرگرتنی زانست لەئەوروپا دەشێ ئاکامی خراپی بۆ سەر هەیکەلی کۆمەڵایەتیو خاوێنی

[٢] روبير منتران، الامبراطورية العثمانية: دراسة تحليلية في نشأتها وتطورها وسقوطها، ترجمة الدكتور غانم محمد الحفو، مركز الدراسات الاقليمية بجامعة الموصل، الموصل، ٢٠٠٧، ص ٢٨.



بیروباوەڕ لێ بکەوێتەوە. دەستەبژێرە بەرچاوڕونەکان بۆ خۆلادان لەڕوبەڕوبونەوەی دامەزراوەی ئاینی، کەوتنە کۆششکردن بۆ دۆزینەوەی فۆرمێکی گونجاو بۆ پێکەوە سازاندنی مۆرکی ئاینی دەوڵەتو پێویستی چاکسازی. نامیلکەیەك کەساڵی ١٧٩٨ مەحمود رەئیف ئەفەندی، سکرتێری باڵیۆزخانەی دەوڵەتی عوسمانی لەئینگلتەرە، بەزمانی فەرەنسی نوسیویەتیو لەئەستەنبول چاپی کردوە، دەریدەخا کەبیری زاڵ بەسەر دەستەبژێری بەرچاوڕونی ئەو سەردەمەدا ئەوەیە کەدەوڵەتی عوسمانی سەرەڕای ئەوەی کەدەوڵەتێکە خوا ئەرکی پاراستنی گرتۆتە ئەستۆو پشتگیریی مسۆگەری خوا ((بونێکی هەمیشەییو پێشکەوتنێکی سەرنجڕاکێشی)) بۆ دەستەبەر دەکا بەلاّم ئەمە نکوڵی لەوە ناکا کەدەوڵەت پێویستی بەچاکسازیو مۆدێرنێتە هەیە[٣].

[٣] محمود رئيف افندي، التنظيمات الجديدة في الدولة العثمانية، ترجمة الدكتور خالد زيادة، منشورات جروس برس، طرابلس، ١٩٨٥، ص ٣٠.

چەمکی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت بەشێوەیەکی بنچینەیی وای دانەنابوو کەئاین لەچوارچێوەی سیاسەت بێنێتە دەرێو لەبەرنامەشدا نەبو مەسەلەکە بەم سەرەنجامە بگەیەنرێ. تێنو تاوی ئەم چەمکە ئەوەندە کاریگەر بوو کەچەمکی باوی ئەرکەکانی دەوڵەتی لەرۆژهەڵاتدا پێ هاتە گۆڕان. ئاشکرایە کەمۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت تا ئەندازەیەکی زۆر دەستی هەبوو لەمۆدێرنیزەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیو دەوڵەمەندکردنی بەچەندین دامودەزگاو بیروباوەڕ کە لەمەوپێش نەبون. دەکرێ چاکسازیەکانی سوڵتان مەحمودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩) لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەدووەم وێستگەی گرنگ لەمێژووی پەیدابوونی عەلمانیەت لەرۆژهەڵاتدا دابنرێ.

پرۆژەکەی سوڵتان مەحمودی دووەم سەبارەت بەپێکەوەنانی سوپایەکی نوێ، بەبێ وێرانکردنی سوپای یەنی چەری کە لەو سەردەمەدا هێزە چەکدارە ئاساییەکەی



پێك دەهێنا، بەڕێوە نەدەچو. ئەگەرچی هەڵوەشاندنەوەی یەنی چەری بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەنجامدرا، بەڵام مێژووی تازە، پشتگیری لەوە دەکا کەبەبێ لەناوبردنی هێزی پارێزەری پاشکەوتنی دەوڵەتو بەرپەرچدەری چاکسازی کەهێزی یەنی چەرییە، هیچ هەلێکی لەبار بۆ مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەتو ئەنجامدانی چاکسازی نەدەڕەخسا.

یەنی چەری بۆ ماوەیەکی دورو درێژ بڕبڕەی پشتی هێزی عوسمانیەکانی پێکهێناوەو چاکەی سەرکەوتنە مەزنەکانی عوسمانیەکان بەسەر ئەوروپاو سەفەویەکانی ئێرانو مەمالیکی میسرداو سەرکوت کردنی یاخیبونەکان بۆ ئەم سوپایە دەگەڕێتەوە. بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار، یەنی چەری بوو بەبارێکی گران بەسەر ملی دەوڵەتەوەو یەکێ لەگرنگترین هۆکانی لاوازیو بەجێمانی دەوڵەتی پێك هێنا. یەنی چەری کە لەسەردەمی سوڵتان ئورخان (١٣٢٦-١٣٥٩) دامەزرا بوو، ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی عەسکەرتاریانەی

عوسمانیەکان بوو، بەتێپەڕبونی ڕۆژگار چەمكو بەهاو نەریتە سوپاییەکانی ئەم دامەزراوەیە جێیان بەیاساکانی دەوڵەت لێژ کرد. لەسەرەنجامدا چینێکی شەڕکەر لەسەروی یاساوە پێك هات[٤] کە لەڕەوتی گەشەکردنیدا هێزێکی تالآنکەری دڕندەی لێکەوتەوە[٥]. بەمجۆرە، بەرە بەرە نۆڕینێك سەری دەرهێنا پێی وابو کە بەبێ هەڵوەشاندنەوەی یەنی چەری، دەوڵەت مۆدێرنێزە ناکرێ. مێژوی عوسمانی سەبارەت بەدەستوەردانی یەنی چەری لەسیاسەتداو لەکارخستنو کوشتنی سوڵتانەکان ریزە نمونەیەکی قێزەونی تێدا بەدیدەکرێ.

یەنی چەرییەکان لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە دیدو ئارەزوی خۆیان بەسەر دەسەڵاتدا دەسەپاندو هەڕەشەیان گەیشتە رادەی بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ

[٤] الدكتور سامي ريحانا، المجتمعات العسكرية عبر التاريخ، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٦، ص ٢٤٠-٢٤١.

[٥] اندري كلو، سليمان القانوني مثل من التمازج بين الهوية والحداثة، ترجمة البشير بن سلامة، دار الجيل، بيروت، ١٩٩١، ص ٤٧.



دوژمنانی دەوڵەتدا، وەك ئەوەی کە لەبەغدا رویدا، کاتێك یەنی چەرییە یاخییەکان لەدژی ئیستانبول پەیوەندیان بەشا عەباسی سەفەوییەوە کرد.[٦]

لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەمیش دەوڵەت هەوڵێکی بۆ مۆدێرنیزەکردنی سوپا نیشاندا بەڵام ئەم هەوڵە لەبەر ڕازی نەبونی یەنی چەری پەکی کەوتو سەرینەگرت.[٧]

چاکسازیەکانی سوڵتان مەحمودی دووەم، وەك چاکسازیەکانی سوڵتان سەلیمی سێیەم، لەسوپاوە دەستیان پێکرد. ئەمەش مانای خۆی هەیەو ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچونەیە کە لەو سەردەمەدا زاڵ بوو و پێی وابو هێزی

[٦] الدكتور علاء موسى كاظم نورس، العراق في العهد العثماني: دراسة في العلاقات السياسية ١٧٠٠-١٨٠٠، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٧٩، ص ٣٢-٣٣.

[٧] انكه لهارت، تاريخ الاصلاحات والتنظيمات في الدولة العثمانية، ترجمة الدكتور محمود علي عامر، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٨، ص ٢٣.

سوپایی ڕێوشوێنی سەرەکی پاراستنی سامانو شکۆمەندی پێکدێنیٚ. یەکەم وێنا دەربارەی ئەو تورکانەی کە لەئایندەدا بەعوسمانی دەناسرێن، وەك گەلێکی شەڕکەر نیشانیان دەدا کەپیشەی جەنگی لێدەرچیٚ هیچ پیشەیەکی تر نازانن. عوسمانیەکان درێژەیان بەم تایبەتمەندیە داو سیاسەتێکی ئیمپریالیستیان لەسەر بنەمای پەلهاوێشتنو داگیرکردنی زەوی پیادە کرد. خاڵێك کەشایستەی بایەخ پێدانە ئەوەیە کەعوسمانیەکان ئەگەر بەتەواوی و بەیەکجارەکی پشتیان بەسوپا نەبەستایە، ئەوەیان بەدەست نەدەهێنا کە بەشەڕ بەدەستیان دەهێنا. بەپێی روانینی عوسمانیەکان، ئیمپریالیزمی سوپایی بنچینەی چەمکی دەوڵەت پێك دەهێنیٚ[8].

[8] خليل اينالجك، التاريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية، المجلد الاول ١٣٠٠-١٦٠٠، ترجمة الدكتور عبداللطيف الحارس، دار المدار الاسلامي، بيروت، ٢٠٠٧، ص ٩٧.



لەڕاستیشدا ناوبانگی عوسمانیەکان لەڕۆژهەڵاتی موسڵماندا بەشێوەیەکی سەرەکی قەرزارباری ئەو سەرکەوتنانەیە کە لەئەوروپا بەدەستیان هێنا. پاشان سەرکەوتن بەسەر سەفەویەکانی ئێرانو مەمالیکی میسردا ئەم ناوبانگەی سەقامگیرتر کرد. عوسمانیەکان بەرلەوەی بگەنە هەر جێیەك، ناوبانگیان وەك گەلێکی شەڕکەرو جەربەزە پێش خۆیان دەگەیشتە ئەویٚ.

ئەگەرچی ئاستی داهێزرانی دەوڵەتی عوسمانی ئاستێکی بەرز بوو، بەڵام ئیستانبول تەنها لەبەرەکانی جەنگدا هەستی بەو داهێزرانە دەکرد، پاش زنجیرە بەزینێکی پڕ شەرمەزاری لەبەردەم هێزەکانی ئەوروپادا، سوڵتانەکان چونە سەر ئەو باوەڕەی کەبنەمای بنچینەیی دەوڵەت کەسوپای یەنی چەریە، چیتر بەکەڵکی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت نایەتو ناشتوانیٚ پێکهاتەو سیستمەکانی نۆژەن بکاتەوەو خودی خۆیشی بۆتە هۆی پاشەکشەی هێزی دەوڵەت. مۆدێرنێزەکردنی

دامودەزگاکانی دەوڵەت لەگەڵ بوونی سوپایەکی دژ بەمۆدێرنیزەکردندا یەکی نەدەگرتەوە. لەم سۆنگەیەوە، شتێکی ئاسایی بوو کەچاکسازی لەسوپاوە دەست پێبکا.

ئەمە کارێکی ئاسان نەبو. سوڵتان مەحمودی دووەم هەوڵیدا چاکسازیەکانی نەبنە مایەی وروژاندنی یەنی چەریو خۆیشی نەیدەویست پڕۆژەکەی بەدەردی پڕۆژەی مامی، سوڵتان سەلیمی سێیەم، بچێ. لەساڵی ١٨٢٦دا سوڵتان دوو هێزی پێکهێنا کە بەهەردوکیان لە ٣٠٠ سەرباز پێك دەهاتنو لەسەر شێوازی ئەوروپایی مەشقیان پێ کرابوو. ئەوەی کەسەرپەرشتی مەشقو راهێنانی ئەم دوو هێزەی کردبوو، چەند ئەفسەرێکی عەرەب بوون کە لەئەوروپا فێری هونەرەکانی جەنگ بوو بوون[9].

لەو سۆنگەیەشەوە کەیەنی چەری پشت ئەستور بوو بەپشتیوانی هێزە کۆمەڵایەتیەکانو پەیوەندی پتەوی

٩ انکه لهارد، تاریخ الاصلاحات والتنظیمات في الدولة العثمانیة، المصدر السابق، ص ٢٣-٢٤.



لەگەڵ دامەزراوی ئاینیدا هەبوو، چاوەڕوان نەدەکرا پڕۆژەکە بەسانایی بەڕێوە بچێ. سەرەڕای هەمو شتێك، سوڵتان دامەزراوی ئاینی بردە ناو پرۆسەی لەکارخستنی یەنی چەریو بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی لەهەڵوەشاندنەوەی سوپاکە چەند فەتوایەکی بەمەلاکان دەرکرد[10].

سوڵتان لەهەوڵێکدا بۆ بەخشینی روخسارێکی ئاینی بەکارەکەی، وا پاکانەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەنی چەری هێنایەوە کەئەم سوپایە چیدی بەکەڵکی خزمەتکردنی ئیسلام نایەو بەڵێنیدا کەسەرگەرمی دروستکردنی سوپایەك دەبێ کەخەمەکانی سەردەم تێدەگاو کاراتر ئامادەیی خزمەتکردنی ئیسلامی تێدا دەبێ[11].

لەم مەسەلەیەدا بەتایبەتی، هەڵوێستی هێزە کۆمەڵایەتیەکان رون بوەوو لەم سەروبەندەدا سوڵتان

١٠ هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.

١١ الامیر شکیب ارسلان، تاریخ الدولة العثمانیة، تحقیق حسن السماحي سویدان، دار ابن کثیر ودار التربیة، دمشق- بیروت، ٢٠٠١، ص ٢٨٥.

روبەڕوی بەرهەڵستیەکی کۆنەپەرستانە بۆوە کەدانی بەهیچ پاساوێکدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەنی چەری نەدەناو بەچاوێکی پڕ گومانەوە تەماشای هەنگاوەکانی مۆدێرنیزەکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی دەکرد. هەر چۆنێك بێ، ململانێ کۆمەڵایەتیەکە درێژەی کێشاو سەبارەت بەپێویستیو ناپێویستی مۆدێرنیزەکردنو میتۆدی جێبەجێکردنیو چۆنێتی لێك جیاکردنەوەی مۆدێرنیزەکردنی دامودەزگاکانو پاراستنی کۆمەڵ لەئاسەوارە زیانبەخشەکانی مۆدێرنیزەکردن چەندەها دیدی جیاواز پەیدا بوو.

چاکسازییەکە چەردەیەك تەگبیری لێکەوتەوە کەژیانی کۆمەڵایەتی پێ بوژایەوە. لەم بوارەدا هەندێ تەگبیری وەك دامەزراندنی خوێندنگەی فەرمی مۆدێرن لەژێر سەرپەرشتی دەوڵەتدا، کە لەو سەردەمەدا بەتەگبیری نائاسایی دادەنران، تەگبیری فرە گرنگو هەنگاوێکی هەڕاو بون بۆ پێشەوە. بونی دەوڵەت بەسەرپەرشتیاری پرۆسەی



فێرکاری یەکێ لەگرنگترین پرنسیپەکانی مۆدێرنیزەکردن بەرجەستە دەکەن.

وەك چاوەڕوان دەکرا، دامەزراوی ئاینی بەچاوی نیگەرانیەوە سەیری ئەم هەنگاوەی کرد. هۆی ئەم نیگەرانیە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کەدامەزراوی ئاینی دژی خودی فێرکاری بووە، بەڵکو وردتر بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە. یەکەمیان ئەوەیە کەبونی دەوڵەت بەسەرپەرشتیاری پرۆسەی فێرکاری، بەکردەوە بەمانای دورخستنەوەی دامەزراوی ئاینی لەبواری فێرکاریو پەروەردەکردنی نەوەکان دەهات. ئەم هەنگاوە بەقەد ئەوەی کەپێشکەوتنخوازانە بوو، تا ئەندازەیەکی زۆر مەترسیدار بوو چونکە خۆی لەقەرەی یەکێ لەگرنگترین سەرچاوەکانی هێزی دامەزراوی ئاینی دەدا. ئەوی راستیش بێ، بەتەنگەوەچونی دامەزراوی ئاینی شتێکی مسۆگەر نەبو. بەشێك لەهۆکانی تەماشاکردنی ئەم هەنگاوە بەچاوی نارەزایی، جگە لەپەیوەندی هەنگاوەکە بەبێبەش کردنی

دامەزراوی ئاینی لەبەشێکی گرنگی داهاتی مادیی، دەچێتەوە سەر راهاتنی دامەزراوی ئاینی لەسەر رەفتاری کۆنەپارێزو سڵ کردنەوەی لەهەر شتێکی نوێ، ئەوەی کەپشتگیری لەم تێگەیشتنە دەکا ئەوەیە کە لەمێژوی ئیسلامدا هیچ کات فێرکردن یەکێ لەئەرکەکانی دەوڵەت نەبوە، بەڵکو هەمیشە وەك یەکێ لەئەرکەکانی دامەزراوی ئاینی هێڵدراوەتەوە. ئەمە نکوڵی لەوە ناکا کەدەوڵەت رۆڵی گرنگی لەکردنەوەی هەندێ خوێندنگەدا هەبوە، بەڵام زۆربەی جار ئەم کارە هۆی ئایدیۆلۆژیی لەپشتەوە بوەو زۆرترینیش خوێندنگەکان لەکۆتایدا لەژێر دەستی دەوڵەت دەردەچونو دەکەوتنە ژێر دەستی دامەزراوی ئاینی. بەشێوەیەکی گشتی، دەوڵەت لەسایەی ئیسلامدا هەمیشە دور بوە لەئەرکی داڕشتنی سیاسەتێکی فێرکاری بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی زانست لەناو هاووڵاتیەکانیدا.

هۆی دووەم، سڵ کردنەوەی دامەزراوی ئاینیە لەزانستە ئەوروپاییەکان کەمایەی گومانو دڕدۆنگی بون. سروشتی



وانەکانی خوێندنگە حکومیەکان دۆخێکی وایان فەراهەم نەدەکرد کەتێیدا دەمارگیری ئاینی بەکڵپەسەندویی بمێنێتەوەو خوێندنگەکانیش زانستی وایان تێدا دەخوێنرا کەهیچ پەیوەندیەکیان بەئاینەوە نەبوو. لەم سۆنگەیەوە نیگەرانی دامەزراوی ئاینی لەڕوی پەرۆشیەوە بۆ رزگارکردنی هاووڵاتیان لەهەر شتێك کەببێ بەمایەی لەق کردنی باوەڕیان بەبنچینەکانی سیستمی ژیانیان، بەتەواوی پاساوی خۆی هەبو.

لێرەدا ململانێکە پەیوەندیی بەئاینەوە نیە. بزوتنەوەی مۆدێرنێزەکردنیش کەبزوتنەوەیەکە لەسەرەوە دەستپێکردوە، بزوتنەوەیەکی کەلتوری دژ بەبیروباوەڕی ئاین نەبوو و بەهیچ شێوەیەکیش روی لەوە نەبو کەرەخنە لەئیسلام بگرێ. لەڕاستیدا خودی چەمکی مۆدێرنێزەکردن پرۆژەیەکی ئەوروپایی نەبو. پێویستیی دەوڵەت بەمۆدێرنێزەکردن بنەمای سەرەکیی پرۆژەکە پێکدێنێ. بەڵام لەڕوی بابەتیەوە ئەوروپا لەپرۆژەکەوە دور نەبو.

پەیوەندی ئەوروپا بەبیرۆکەی مۆدێرنیزەکردنەوە دەچێتەوە سەر دوو فاکتەر. یەکێکیان، شکستەکانی دەوڵەتی عوسمانیە لەبەردەم هێزە ئەوروپاییەکان کەبوە هۆی پاشەکشەی رۆڵی دەوڵەتی عوسمانی لەپەیوەندی نێودەوڵەتاندا. ئەوی تریشیان پەی بردنی ئیستانبولە بەفراوانبونی دەلاقەی نێوان رۆژهەڵاتی بەجێماوو ئەوروپای پێشکەوتو. لەبەر ئەم هۆیانە، پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن لەهەوڵدانێك بۆ فریاکەوتنی دەوڵەتو سەقامگیرکردنی رۆڵی لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا بەولاوە هیچی تر نەبوە.

رێك لەو سەردەمەدا سیستمی وەزارەتەکان لەرۆژهەڵاتدا پەیدا بوو[12]. حکومەتەکانی رۆژهەڵات لەدێر زەمانەوە لەسەر ئەوە رانەهاتبون کەکاروباری دەوڵەت بەسەر چەند

[12] دکتۆر خەلیل ئیبراهیم عەللاف، رەگوڕیشەی عەلمانیەت لەتورکیای مۆدێرن، سەرچاوەی پێشو، ل ١٩٤.



بوارێکدا دابەشبکەنو هەر بوارێکیش بەوەزیرێکی دیاریکراو بسپێرن. ناوەڕۆکی وشەی ((وەزیر)) لەڕۆژهەڵاتدا مانای یاریدەدەر یان راوێژکاری داوەو هەر بەم مانایەش لەقورئاندا هاتوە. سیستمی دەوڵەت لەرۆژهەڵاتدا تەواوی دەسەڵاتەکانی بەسەرۆکی دەوڵەت (پاشا، سوڵتان، خەلیفە، میر) داوەو پاش ئەو وەزیر دێ کەپاش سەرۆکی دەوڵەت بەرزترین دەسەڵاتی هەبوە. بەڵام دەسەڵاتی وەزیر بەدڵنیاییەوە لەسەرۆکی دەوڵەتەوە سەرچاوەی دەگرت. جگە لەم پۆستە، دەوڵەت نە وەزیری ترو نەوەزارەتی هەبو. لەسەردەمی عەباسیو سەلجوقیدا پۆستی وەزیر بە بەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێشودا پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی بەڵام نە پێش ئەم دوو سەردەمەو نە دواتر، تا سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم، هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامی ئەنجومەنی وەزیرانی نەبووە. ئەمە بەم واتایە دێ کەڕۆژهەڵات نەیتوانیوە تێگەیشتنی خۆی سەبارەت بەپۆستی وەزیر پەرە پێبدا. ئەو ئەنجومەنی وەزیرانەی کە

لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەمدا پەیدا بوو، بەشێك بوو لەبزاڤی چاكسازیو بەلاسایكردنەوەی دەوڵەتە ئەوروپاییەكان بوو.

لەم سەروبەندەشدا وا دانراوە كەدامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لەدەوڵەتانی عوسمانیدا رۆڵێكی گەورەی لەهەمواركردنو پێداچونەوەی یاساكاندا هەبوو، هەر ئەم ئەنجومەنەش بوو كە شورای دەوڵەتی لێكەوتەوە. بەڵام هێشتا رون نیە كەئاخۆ ئەم هەنگاوە لەهۆشیاریەوە هاتبوو و زادەی هەست كردن بووە بەگرنگی دەزگاكە یان هەنگاوێكی هەڕەمەكی بووە. بەهەر حاڵ، دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری تای تەرازوی دەسەڵاتی دەوڵەتی لەتای تەرازوی دەسەڵاتی دامەزراوی ئاینی گرانتر كرد.

ئاشكرایە كەبەشێكی بزوتنەوەی چاكسازی خۆی لەقەرەی مەسەلەی ئاینو پەیوەندی بەدەوڵەتەوە داوە. لانیكەم لەسێ خاڵدا بزوتنەوەی چاكسازی هەڵوێستێكی دیاری بەرامبەر بەرۆڵی ئاین لەژیانی گشتیدا هەبوە. پاش



هەڵوەشاندنەوەی سوپای یەنی چەری، سوڵتان مەحمودی دووەم تەنگی بەو دەروێشە بەكتاشیانە هەڵچنی كە بە دەدە ناسرا بونو تەكیەكانی پێ چۆڵكردنو خودی تەریقەتەكەشی قەدەغە كرد، ئەویش لەو روانگەیەوە كەتەریقەتی سۆفیگەرانەی بەكتاشی بەئایدیۆلۆژیای ئاینیی فەرمیی سوپای یەنی چەری دادەنرا[١٣]. بەڵام ئەستەمە ئەمە بەو چاوە سەیر بكرێ كەهەوڵدانێكە بۆ جیاكردنەوەی ئاین لەدەوڵەت چونكە ئەم تەگبیرە گوزارشت لەهەڵوێستی دیاریكراوی دەوڵەت بەرامبەر بەسروشتی ئاینو سروشتی بەها ئاینیەكان ناكاو دەوڵەتیش تەنها لەدژی تەریقەتی بەكتاشی هەڵوێستی توندی نواند. ئاشكراشە كەقەدەغەكردنی تەنها ئەم تەریقەتە دەریدەخا

[١٣] عثمان بن سند الوائلي البصري، مطالع السعود: تاريخ العراق من سنة ١١٨٨ الى سنة ١٢٤٢ هجرية (١٧٧٤-١٨٢٦)، تحقيق الدكتور عماد عبدالسلام رؤوف وسهيلة عبدالمجيد القيسي، الدار الوطنية للنشر والتوزيع والاعلان، بغداد، ١٩٩١، ص ٣٦٧.

کەبەرپەرچدانەوەی تەریقەتە سۆفیگەرەکان بەشێك نەبوە لەسیاسەتی دەوڵەتو تەنها وەك تەگبیرێك کەپەیوەندی بەهەلومەرجی رۆژگارەکەوە هەبوە تەماشا دەکرێو بەشێکیش بوە لەهەوڵدانی دەوڵەت بۆ وشککردنەوەی سەرچاوە ئایدیۆلۆژیەکانی هێزی یەنی چەری. لەم سۆنگەیەوە وەك چۆن سوڵتان زۆر بەتوندی هەڵسوکەوتی لەگەڵ یەنی چەریدا کرد، هەمان توندیشی پاش لەناوبردنی یەنی چەری، بەرامبەر بەتەریقەتی بەکتاشی نواند.

نیگەرانی دەوڵەت لەتەریقەتی بەکتاشی پاساوی خۆی هەبوو. بەکتاشی، جگە لەوەی کە بەئایدیۆلۆژیای دانپێدانراوی یەنی چەری دادەنرا، لەسۆنگەی ریشە کۆمەڵایەتیە قوڵەکانیەوە، لێی رادەبینرا گۆبەندێکی زۆر بۆ دەوڵەت بنێتەوە. ئەوەی کەتەوژمو کاریگەری ئەم تەریقەتە دەردەخا ئەوەیە کەهەندێ لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەلانیکەم سێ کەس لەسوڵتانە



عوسمانیەکان ئەندامی گروپی دەروێشەکانی مەولەویو بەکتاشی بون. بەکتاشی لەڕەوتی پەرەسەندنیدا گەرایەکی زۆری لەناو کۆمەڵانی خەڵکیدا دانــاو لەکۆتایشدا میتۆدێکی وای داهێنا کەزۆر لەشێوەی بیرکردنەوەی جوتیارانەوە نزیك بوو[١٤].

گومان لەوەدا نیە کەدەرهێنانی بواری فێرکاری لەبندەستی پیاوانی ئاین کارێکی یەکجارەکی نەبو چونکە لەزۆربەی ولاتانی جیهانی ئیسلام پیاوانی ئاین هەر بەردەوامبون لەسەر فێرکردنی ئاینی، بەلام جیاوازیەکە لەوەدا بوو کەپاش پەیدابونی خوێندنگە مۆدێرنەکان، رکابەرێکی سەختیان لەبەردەمدا قوت بۆوە. بەدڵنیاییەوە گرنگترین لایەنی هەنگاوەکەی سوڵتان مەحمودی دووەم لەوەدا نیە کەسنوری بۆ دەسەلاتی دامەزراوی ئاینی

[١٤] نیقولای ایفانوف، الفتح العثماني للاقطار العربیة ١٥١٦-١٥٧٤، ترجمة یوسف عطا الله، الطبعة الثانیة، دار الفارابی، بیروت، ٢٠٠٤، ص ٣١٤-٣١٥.

لەبواری فێرکردنی ئاینیدا داناوە، ئەگەرچی ئەمە یەکێ لەئاکامەکەی هەنگاوەکە بوو، بەڵکو گرنگترین لایەنەکانی هەنگاوەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کەدەرفەتێك بۆ هاوولاتیان پێکهات کەئازاد بن لەهەڵبژاردنی خوێندنگە ئاینیەکان کەتەنها وانەی زانستە ئاینیەکانیان تێدا دەوترایەوەو خوێندنگە مۆدێرنەکان کەدەوڵەت پشتگیریی لێدەکردن‌و تیایاندا چەمکی زانست ئەوەندە درێژ کرابۆوە کەتەنها زانستە ئاینیەکانی نەدەگرتەوە.

لەبواری دادوەریشدا، دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری بوە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دامەزراوی ئاینی لەبواری دادوەریدا. لەڕاستیشدا ئەنجومەنەکە تەنها سەرەتایەك بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی هاوچەرخ‌و لەم بوارەدا لەساڵی ١٨٦٨دا ئەنجومەنەکە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت‌و یاسایەکی هاوچەرخی بۆ سزادان لێکەوتەوە[١٥].

---

[١٥] دکتۆر خەلیل ئیبراهیم عەللاف، ڕەگ‌و ڕیشەی عەلمانیەت لەتورکیای مۆدێرن، سەرچاوەی پێشو، ل ١٩٤.



هەر لەو ماوەیەدا چەمکێك کە بەتەواوی گوزارشت لەعەلمانیەت دەکاو بەهیچ شێوەیەك لەئیسلامدا بانگەشەی بۆ نەکراوە، سەریدەرهێنا، ئەویش چەمکی هاوولاتیبونە. ئەم چەمکە لەناوەڕۆکدا واتای یەکسانی لەخۆ گرتووە. وردبونەوە لەلێدوانەکەی سوڵتان مەحمودی دووەم کەتێیدا مافی یەکسانی بۆ موسڵمانان‌و جولەکەو مەسیحیەکانی دەوڵەتی عوسمانی سەلماندو ئازادیی بیروباوەڕی بۆ هەر سێ گروپ بەیەکسانی ڕاگەیاند، نیشانی دەدا کەدەوڵەت لەم لێدوانەدا پێوانەی ئاینی ناکاتە مەرج بۆ سەلماندنی مافی هاوولاتیبون. ئەم هەنگاوە لەهەمو هەنگاوەکانی پێشو پێشکەوتوترە چونکە لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابەوە لەسەدەی حەوتەمی زاینیدا موسڵمانەکان هیچ لارییان نەبوە لەسەلماندنی مافی پەرستن بۆ جولەکەو مەسیحیەکان‌و ئەم سەلماندنەیان بەبەشێك لەئەرکەکانی خۆیان زانیوە، بەلام سەلماندنی مافی پەرستن هەرگیز نەگەیشتە ڕادەی یەکسانی ئاینی

چونکە بیری زاڵ ئەوە بوو کەداننان بەمافی پەرستن بۆ جولەکەو مەسیحیەکان بەو مانایە نایە کەجولەکایەتیو مەسیحایەتی لەڕوی بەهای روحانیەوە یەکسانن لەگەڵ ئیسلامداو لەم سۆنگەیەوە مافی پەرستن هیچی لەدابەشبونی کۆمەڵ بەشێوەی ئاسۆیی بەسەر موسڵمانو ناموسڵماندا نەگۆڕی.

لەڕوانگەی سوڵتان مەحمودی دووەمەوە موسڵمانانو جولەکەو مەسیحیەکان لەناو پەرستگاکانیاندا لێك جیاوازن بەڵام لەدەرەوەی پەرستگاکاندا وەك یەكو یەکسانن[١٦]. ئەم نۆڕینە بڕێکی زۆر بیروباوەڕی مرۆڤدۆستانەو پێشکەتنخوازانەی تێدایەو لەڕوانگەی مێژوییەوە گوزارشت لەگۆڕانی تێڕوانینی دەوڵەت بۆ تاك دەکا. بەکردەوە، لێدوانەکە بیرۆکەی ((رەعیەت)) لەڕەگوڕیشەوە هەڵدەتەکێنێ، بیرۆکەیەك کەسەدان ساڵ

[١٦] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٥



زاڵبو بەسەر بیری موسڵمانانداو سەرچاوەکەشی تیۆریەکە پشت بەدیاریکردنی دوو ئەرك دەبەستێ، یەکێکیان ئەرکی سەر دانەواندنە کەئەرکی گەلەو ئەویتر ئەرکی دادپەروەرییە کەئەرکی فەرمانڕەوایە. بۆ ئەرکی دووەمیش، هیچ میکانیزمێك بۆ راستکردنەوەی پێشێلکاریەکان دیاری نەکرابوو. لێرەدا، بەراگەیاندنی یەکسانی تەواوی موسڵمانانو جولەکەو مەسیحیەکان گواستنەوەیەك لەچەمکی رەعیەتەوە بەرەو چەمکی هاوولاتیبون دێتە دیو بەهۆی ئەمەوە دەوڵەت، لانیکەم لەڕوی تیۆریەوە، بەو چەشنە تەماشا دەکرێ کەگوزارشت لەبەرژەوەندیەکانی هەمو پێکهاتەکان دەکا، نەك تەنها بەرژەوەندی یەك پێکهاتە.

چاکەی مۆدێرنێزەکردنی چەمکی دەوڵەت زیاترینی بۆ قۆناغی تەنزیمات tenzimat دەگەڕێتەوە کەقۆناغێکە کەوتۆتە ماوەی نێوان ١٨٣٩و ١٨٧٦. لەئاکامی هەوڵی دەوڵەتدا بۆ ئەنجامدانی چاکسازی بەپشتبەستن

بەمۆدێرنیێزەکردن، دەبوایە دەوڵەت پشت بەئامرازی کاراو دامودەزگای بەرجەستەکەری گیانی چاکسازیو مۆدێرنیێزە ببەستێ. قۆناغی تەنزیمات دوو وێستگەی سەرەکی بەخۆوە دیوە. لەیەکەمیاندا خەتی شەریفی کولخانە لەساڵی ١٨٣٩دا راگەیەنراو لەدووەمیاندا خەتی شەریفی هەمایۆن لەساڵی ١٨٥٦دا. هەی دووەمیان تەواوکەری راگەیەنراوی یەکەمەو هەردوکیشیان چوارچێوەیەکی دیاریکراویان بۆ سیاسەتی دەوڵەت لەبواری مۆدێرنیێزەکردنی بەڕێوەبردنو بەدیهێنانی یەکسانیدا کێشاوە.

بەڵام وردبونەوە لەڕەوتی بزوتنەوەی چاکسازی رونیدەکاتەوە کەبەڵگەیەکی بەهێز لەسەر هەوڵدانێکی لێبڕاوو بەبەرنامەو هۆشیارانە بۆ هێنانە دی عەلمانیەتێکی پایەدار نەبوە. ئەگەرچی هەندێ لەبۆچونەکان لەسەر ئەوە گیرساونەتەوە کەدەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەمەوە هۆشیارانە بەرەو دروستکردنی



نمونەیەکی تایبەتی عەلمانیەت هەنگاوی ناوە، بەڵام ئەم جۆرە شیکردنەوەیە ئەوەندەی کەپشت ئەستورە بەدوا ئاکامی پرۆسەی مۆدێرنیێزەکردن کە بەدامەزراندنی کۆمارێکی عەلمانی لەتورکیا لەساڵی ١٩٢٤دا گەیشتە لوتکە، ئەوەندە پشت بەناوەڕۆکی چاکسازییەکان نابەستێ کەئامانجی راستەوخۆیان دامەزراندنی عەلمانیەت نەبوو بەڵکو ئامانجیان نۆژەنکردنەوەی پێکهاتەکانی دەوڵەتو لاساییکردنەوەی سیستمە پێشکەوتووە ئەوروپاییەکان بوو. ئەم چەشنە مەسەلانە لەبەر ئاڵۆزی پێکهاتەیان، دەرفەتێکی زۆر بۆ دابینکردنی بەڵگەی یەکلاکەرەوە بۆ تیۆریەکان نارەخسێنن.

هەر چۆنێك بێ، روخسارەکانی عەلمانیەت بەسەرەتایەکی سادەو ساکاری دەرکەوتنی چەمکی هاووڵاتیبون دەستپێدەکەن کەچەمکێکە پرنسیپی یەکسانی ناوەڕۆکە بنچینەییەکەی پێکدێنێ. یەکسان کردنی هاووڵاتیان لەدەرەوەی پەرستگاکانیان رەنگدانەوەی پێویستی دەوڵەت

بوو بەچەشنێکی تازەی دڵسۆزی هاووڵاتیەکانی. بانگەشە فەرمیەکەی خەتی شەریفی کولخانە لەم بارەیەوە چەمکێکی تازەی لەخۆ گرتبو کەمێژوی سیاسی موسڵمانان هێشتا پێی ئاشنا نەبوو بوو. بەکردەوە، فەلسەفەی تەگبیرەکە هیچ پەراوێزێکی بۆ باڵادەستی موسڵمان لەڕوی ئاینیو کۆمەڵایەتیەوە نەهێشتەوەو لەهەمان کاتیشدا هیچ جیاوازییەکی لەنێوان هاووڵاتیاندا لەسەر بنەمای ئاین نەهێشت. ئەمە بەو مانایە دێ کەهاووڵاتیبون لێرەدا زادەی کارێکی ئارەزومەندانەیە. ئەم تەگبیرە لێی رادەبینرا ببێ بەسەرەتایەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی میللەتەکان (millet) کەهاووڵاتیانی بەپێی ئاین پۆلبەندی دەکردو بەکردەوەش ناموسڵمانانی کردبوە هاووڵاتی پلە دوو. ئەو سودەی کەجێبەجێ کردنی سیستمی میللەتەکان لەرابردودا بۆ گروپە ناموسڵمانەکانی هەبوو، هیچ پاساوێکی بۆ درێژەدان بەکارکردن بەو سیستمە نەدەهێنایەوەو بەردەوامبونیشی



لەگەڵ مۆدێرنیزەدا رێك نەدەکەوت. لەڕاستیشدا چەمکی هاووڵاتیبون کە لەسیستمی میللەتان پێشکەوتوتر بوو، ئەم سیستمەی تێپەڕاند، بەتایبەتی لەو روانگەیەوە کەئەم سیستمە تەگەرەی لەتێکهەڵکێش بونی کۆمەڵایەتی دەدا.

هەرچەند بانگەشەکردن بۆ یەکسانی روخسارێکی رۆمانتیکیو مرۆڤدۆستانەی هەبوو بەڵام لەتانەو پلار بەدەر نەبو. بۆچونی زاڵ لەو سەردەمەدا، کەبۆچونێکە کۆنەپارێزیو تیۆریی باڵادەستی ئاینیو کۆمەڵایەتی موسڵمانان بەسەریدا زاڵە، دژی ئەو پرنسیپانەی خەتی کولخانە بوو کەتایبەت بون بەیەکسانی[١٧]. جەماوەرێکی زۆری موسڵمانان بەچاوی رێزەوە سەیری خەتی کولخانەیان نەدەکرد چونکە ئەم خەتە موسڵمانو ناموسڵمانی لەمافو ئەرکەکاندا یەکسان کردبوو. ئەمەش وا لێکدرایەوە

---

[١٧] انکە لهارد، تاریخ الاصلاحات والتنظیمات في الدولة العثمانیة، المصدر السابق، ص ٤١.

کەشانو شەوکەتی موسڵمانان کەم دەکاتەوەو دەیانخاتە ریزی ئەو کەسانەوە کە لەڕوی ئایینیو کۆمەڵایەتیەوە شان لەشانی موسڵمانان نادەن. ئەم نارەزاییانە بەڵگەی تەسکیی پەراوێزی گیانی لێبوردنن لەکۆمەڵ لەسەردەمی ئەنجامدانی چاکسازیەکاندا.

بەپێی سیاسەتە تازەکە، دەوڵەت بایەخێکی تایبەتی بەبواری فێرکردندا. فێرکردن گرنگیەکی تایبەتی هەیە. لێرەدا مەسەلەکە لەوە ترازاوە کەتەنها رێکخستنی پرۆسەی خوێندنو دابینکردنی بڕی پێویستی زانست بێ بۆ خوێندکاران. لێرە خاڵە بنچینەییەکە ئەوەیە کەمۆدێرنێزەکردنی بواری زانست بەبێ هاوکاریو پشتیوانی ئەوروپا نەدەهاتە دی. لەم سۆنگەیەوە دەوڵەت گەیشتە ئەو باوەڕەی کە پشتبەستن بەئاستی لۆکاڵی زانست لێی رانابینرێ دەوڵەتی پێ نۆژەن بکرێتەوە. بۆیە، دەوڵەت کەوتە خۆ بۆ پەرەپێدانی بواری فێرکاری لەسەر مۆدێلی سیستمە ئەوروپاییەکان.



خوێندنگە مۆدێرنەکانو زیادبونی ژمارەی خوێندکاران تیایاندا بونە هەوێنی هێنانە دی کەشوهەوایەکی سایکۆلۆژی گونجاو بۆ بەردەوامبونی مۆدێرنێزەکردن. لەکۆتاییشدا، بزوتنەوەی تەنزیمات بەراگەیاندنی دەستوری عوسمانی لەساڵی ١٨٧٦دا گەیشتە لوتکە.

لەم قۆناغەدا دەوڵەت هەنگاوێکی هەراوی بەرەو مۆدێرنێزەکردنی چەمکی دەوڵەت هەڵهێنا. دەستوری عوسمانی لەماوەی سیانزە سەدەدا یەکەم دەستورە لەجیهانی ئیسلامدا. مێژوی ئیسلام هیچ جۆرە دەستورێکی تێدا نیەو موسڵمانان بەدرێژایی مێژویان وایان داناوە کەقورئان دەستوری کۆمەڵایەتیو سیاسیانە. خراپترین لایەنی مەسەلەکە ئەوەیە کەموسڵمانان لەو ماوەیەدا نەیانتوانی پەرە بەبیروباوەڕە سیاسیەکانیان بدەنو هیچ کات سەرقاڵی ئەوە نەبون کەدەوڵەت لەسەر بنچینەی یاسای نوسراوو دیاریکردنی سنوری دەسەڵاتەکانو لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان رێك بخەنەوە. ئەمە بەم واتایە دێ کەجیهانی

ئیسلام باوەڕی بەوە نەبوە کەدەستور بۆ دەوڵەت گرنگ‌و پێویستە، ئەم بیرۆکەیە درەنگ لەمێشکی موسڵمانانداندا پەیدا بوو.

بەهەر حاڵ، گرنگی هەنگاوە دەستورییەکە لەوە دایە کەهەنگاوەکە بەپێی پێوانە باوەکان بەکاریکی دژە باو دەژمێردرێ‌و توانیویەتی دەوڵەت لەهەژمونی دامەزراوی ئاینی رزگار بکا. پەیدابونی دەستور لەساڵی ١٨٧٦دا بەوێستگەی سێیەمی قۆناغی تەنزیمات دادەنرێ. کاریگەری ئەوروپا لەسەر بزوتنەوەی چاکسازیەکان‌و مۆدێرنێزەکردن لەوەدا دیارە کەزۆربەی ماددەکانی دەستوری عوسمانی بەشێوەیەکی سەرەکی لەدەستورە عەلمانیەکەی بەلژیك وەرگیراون. دەستور بەری رەنج‌و خەباتی ژمارەیەکی زۆر چاکسازیخوازو نۆژەنکارەکان بوو، لەسەروی هەمویانەوە چاکسازیخوازی مەزن مەدحەت پاشا.

لێکجیاکردنەوەی ئاین‌و دەوڵەت بەیەکجارەکی، بەو چەشنەی لەدەوڵەتە عەلمانیەکاندا پەیرەوی لێ کراوە،



لەدەستوری عوسمانیدا نابینرێ. دەستوری عوسمانی گوزارشتێکە لەگەڕان بەدوای سەقامگیری‌و مۆدێرنێزەکردنداو زۆریش مەراقی بوو سیستمێکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرتر بەدی بێنێ.

دەستوری عوسمانی بەوردی گوزارشت لەتێڕوانینی عوسمانیەکان بۆ عەلمانیەت دەکا کەچەمکێکە بنچینەکەی گونجاندنی چەمکی نائاینیەکانە لەگەڵ چوارچێوەی گشتیی ئیسلامدا بەبێ سەپاندنی سیاسەتێکی ئاینی بەسەر دەوڵەتدا، سەرباری هێشتنەوەی هەندێ ئەرکی بەرخساری ئاینی بۆ دەوڵەت. لەم روەوە چوار ماددەی دەستور بەئاشکرا مۆرکێکی سەرتاپا ئاینیان پێوە دیارە کەبریتین لەماددەکانی ٣، ٤، ٥، ١١. مادەی سێیەم چەترێکی شەرعی بۆ دەستەبەرکردنی ملکەچبونی ئارەزومەندانەی هاوولاتیە موسڵمانەکان دابین دەکاو لەم روەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کەرژێمی عوسمانی درێژەپێدانی رژێمی خەلافەتە کە لەئیسلامدا پەیڕەو کراوە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە

**بکرێ کەئەم ماددەیە بەشێوەیەك دارێژراوە، دەتوانرێ شتێکی وای لێ هەڵبکرێندرێ کەمەبەست دەستەبەرکردنی وەفاداری هاوولاتیان بۆ دەوڵەت نیە، بەڵکو مەبەست دەستەبەرکردنی وەفاداریە بۆ خودی بنەماڵەی عوسمان کە بەپێی ماددەکە مافی حوکمڕانی بۆ گەورەترین کوڕی ئەم بنەماڵەیە دەبێ. دیارە ئامانجی تێکهەڵکێش کردنی دەسەلاتو بنەماڵە هەوڵدانە بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین بڕی فاکتەرەکانی سەقامگیری.**

**ماددەی چوارەمیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کەسوڵتانی عوسمانی ((بەپێی خەلافەت پارێزەری ئاینی ئیسلامە)). ئەم ماددەیە مەبەستێتی چوارچێوەیەك بۆ سەردانەواندن بۆ پرنسیپی شەرعیەت دابین بکاو ناوەڕۆکەکەشی ئەوەیە کەدژایەتیکردنو بەرپەرچدانەوەی ویستی سوڵتان دەرچونە لەنەریتە ئیسلامیەکان چونکە دژایەتیکردنی دەوڵەت کەپاراستنی ئاین یەکێکە لەگرنگترین ئەرکەکانی، بەواتای دژایەتیکردنی خودی ئیسلام دێ. ئەم بیرۆکەیە لەناوەڕۆکدا**



**پرنسیپی پان ئیسلامیزمی گرتۆتە خۆ. ئەم ماددەیەو ماددەکەی پێشتر بانگەشە بۆ تیۆری یەك فەرمانڕەوا بۆ هەمو موسڵمانان لەهەمو ولاتەکاندا دەکا، کەئەمەش لەناوەڕۆکدا بانگەشەیە بۆ ئەوەی کەپێویست ناکا هەر نەتەوەیەکی موسڵمان دەوڵەتی خۆی هەبێ، بەڵکو بەهەمویان دەبێ یەك دەوڵەتیان هەبێ. کەواتە، ماددەکە بەجۆرە بانگەشەیە سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشێ کەپرنسیپی نەتەوایەتی (nationalism) پرنسیپێکە بەکەڵکی موسڵمانان نایە چونکە ئیسلام، کە لەگەوهەردا ئاینێکی نێونەتەوەییە، دەتوانێ نەتەوایەتی تێپەڕێنێو دەوڵەتێك دابمەزرێنێ کەئاینی هاوبەش گرنگترین بناغەکانی پێکدێنێ. ماددەی پێنجەمیش سەرگەرمی دابینکردنی مەرجەکانی پیرۆزییە بۆ خودی سوڵتان، چونکە لەتێڕوانینی عوسمانیدا پیرۆزیی سوڵتان مەرجێکی پێویستی تۆکمەکردنی شانو شەوکەتی دەوڵەتە. ئەو تێکهەڵکێشکردنەی لێرە لەئارادایە، بەناوەڕۆك**

پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان ئەرکی سولّتان وەك پارێزەری ئاینو لەنێوان پیرۆزیی سولّتان لەو روەوە کەسولّتانە، دادەمەزرێنێ. ئەم تێکهەڵکێشکردنەش لێی رادەبینرێ بتوانێ کاریزمای سولّتان تۆکمەتر بکاو سنوری دەسەلاّتی شەرعی درێژ بکاتەوەو رۆڵی لەژیانی گشتیی هاوولاّتیە موسڵمانەکانیدا سەقامگیرتر بکا.

لەکاتێکدا ماددەی یانزەهەم ئیسلام دەکاتە ئاینی دەوڵەتی عوسمانیو ئەم چەمکە دەکاتە تەواوکەری هەمو ئەوەی کەماددە ئاماژە پێکراوەکان دەستیان پێکردووە، هیچ ئەرکێکی تازە بەهۆی ئەم ماددەیەوە ناخرێتە سەر ئەرکە دەستنیشانکراوەکانی سولّتانەوە، بەلاّم ماددەکە لەڕوی کاریگەری سایکۆلۆژیەوە سنورێك بەسەر ئەو یاسایانەدا دەسەپێنێ کەپەرلەمان دەریاندەکا چونکە بەپێی ئەم ماددەیە دەبێ یاسا دەرکراوەکان بەهیچ شێوەیەك دژی ئاینی فەرمی دەوڵەت نەبن.



ئەم ماددانەی لێ بترازێ، دەستور ماددەی تری بەڕوخسار ئاینی تێدا نیە. ئەو خاڵە گرنگەی کەلێرە پێویستی بەلێوردبونەوەیە، ئەوەیە کەدەستور لەکاتی ناوهێنانی سەرۆکی دەوڵەتدا نازناوی ((خەلیفە)) بەکار ناهێنێ، بەڵکو نازناوی ((سولّتان)) بەکار دەهێنێ. لەکاتێکدا نازناوی ((خەلیفە)) مانایەکی ئاینی رۆشنی هەیە، نازناوی ((سولّتان))نە راستەوخۆو نە ناڕاستەوخۆ، هیچ مانایەکی ئاینی نیە، جگە لەوەی کەنازناوەکە ئەوەندەی بەکەڵکی کاروباری دنیایی دێ، ئەوەندە بەکەڵکی کاروباری ئاین نایە. بەلاّم بەوەی کەوشەی ((خەلافەت)) دوو جار لەدەستورەکەدا (لەهەردو ماددەی سێو چواردا) ناوی دێ، مەسەلەکە نەختێك ئاڵۆزی تێدەکەوێ. خوێندنەوەی ورد بۆ شێوەی داڕشتنی ئەو دو ماددەیەی کەوشەکەی تێدا هاتوە، رۆشنی دەکاتەوە کەسەرەڕای یەکسان کردنی دەسەلاّتی دەوڵەت بەخەلافەتی ئیسلامی، مۆرکی پرەگماتیکیانە بەڕونی وەك مۆرکێکی زاڵ دێتە

بەرچاو، بەئەندازەیەك كە بەهیچ شێوەیەك ناشاردرێتەوە. ئەوەی ئەمە ساغدەكاتەوە ئەوەیە كەدەستور رونكردنەوەی پێویست بۆ واتای خەلافەت نادا. تاكە رونكردنەوە كەدەستور پێشكەشی دەكا، خەلافەت بەبارتەقای پاراستنی ئاینی ئیسلام دادەنێ. ئەو فۆرمەش كەتێیدا باسی پاراستنی ئاین كراوە بەئەندازەی پێویست رێكوپێك نایەتە بەرچاو. ئەگەرچی وا مەزەندە دەكرێ كەپاراستنی ئاین لەگرنگترین ئەركەكانی دەوڵەتە، بەلام ئەم مەسەلەیە بەچەشنێك خراوەتە روو كەمانایەكی پانو پۆڕ دەداو ناوەڕۆكەكەی واتایەكی پوختو دیاریكراو نابەخشێ.

بەهەمان پێودانگ، ئاماژەكردن بۆ خەلافەت یەكجارەكیو یەكلاكەرەوە نییە. سەرەڕای ئەم ئاماژە پێكردنە، دەستور دەوڵەتی عوسمانی وەك دەوڵەتی خەلافەت بەڕونی ناناسێو ئەوپەڕەكەی وایدادەنێ كەدەوڵەتی عوسمانی یەكسانە یان بەرامبەر بەخەلافەتە یان وەك خەلافەت وایە.



خاڵی شایستەی تێڕامان ئەوەیە كەدەستور لەماددەی هەشتەم دا نازنازی عوسمانی بۆ هەمو هاوولاتیانی دەوڵەت بەبێ گوێدانە ئاینو مەزهەب بەكارهێناوە. ئەمە بەو واتایە دێ كەتێڕوانینی عوسمانیانەی هاوولاتیبون پەیڕەوی لەچەمكە عەلمانیەكە كردوە كەهیچ جیاوازیەكی یاسایی لەنێوان هاوولاتیاندا ناهێڵێتەوە. بەكردەوە، جێبەجێكردنی ئەم ماددەیە بەمانای وازهێنانی دەوڵەت لەیەكێ لەدێرینترین نەریتەكانی خۆی دێ كەوەرگرتنی سەرانەیە لەخەڵكانی ناموسڵمان. ئەمەش لەگەوهەردا پوچەڵكردنەوەی دابەشكردنە كۆمەلایەتیە دێرینەكەی هاوولاتیانە بەسەر موسڵمانو ناموسڵماندا، كەدابەشكردنێكە بالایی موسڵمانان بەسەر ناموسڵماناندا دەسەلمێنێ.

ماددەی هەشتەم پەیوەندیەكی بەهێزی بەماددەی حەڤدەهەمەوە هەیە. ئەم ماددەیە یەكسانی هاوولاتیە عوسمانیەكان لەبەردەم یاسادا بەڕونی دەناسێنێ. مایەی

سەرنجدانە کەجەختکردن لەسەر مافی هەمو هاوولاتیان، لەوانە هاوولاتیە ناموسڵمانەکان، لەدامەزراندن لەفەرمانگەکانی دەوڵەتدا، جگە لەو پۆستانەی کەتایبەتن بە ئاینو مەزهەبی هەر گروپێکی ئاینی، شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەئەو پەیوەندیانەی دەستور بانگەشەیان بۆ دەکا، بنچینەکەیان هاوولاتیبونەو ئەمەش بەپێی دەقی ماددەی نۆزدەهەم پشت ئەستورە بەشایستەییو لێوەشاوەیی.

هەرچەند پێداگرتنی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بەفیڕۆنەدانی مۆرکە ئاینیەکەی پێداگرتنێکی بەهێزەو هەرچەند سوربون لەسەر ریکلامکردن بۆ ئەرکە ئاینیەکانی دەوڵەت بەشتێکی پێویست دانراوە، بەلام چەمکە عەلمانیەکانی هاوولاتیبونو یەکسانیو مافەکان لەنێو چەردەیەك ماددەدا رەنگیان داوەتەوە کەدواتر دێنو هەرە دیارترینیان ماددەکانی ١٠و ١١و ١٢و ١٣و ١٥و ١٩ یە کەزیاتر باس لەپاراستنی ئازادیە تاکەکەسیەکان،



ئازادیی ئاینەکان، ئازادیی رۆژنامەگەری، مافی پێکهێنانی کۆمپانیای بازرگانیو پیشەسازیو کشتوکاڵی، مافی خوێندنو مافی دامەزراندن لەفەرمانگەکانی دەوڵەتدا دەکەن. هەمو ئەمانە چەند پرنسیپێکن رەنگدانەوەی نەهێشتنی هەمو جیاوازیە ئاینیەکانی نێوان هاوولاتیانو بانگەشە بۆ بەرزی ئاینێكو نزمی ئاینێکی تر ناکەن. رەهایی یەکسانی ئاینی بەچەمکە هاوچەرخەکەی نەك بەچەمکە کۆنەکەی کەپشت ئەستور بوو بە بەرزی هەندێ ئاینو نزمی هەندێکی تر، لەماددە ٦٢دا بەڕونی رەنگیداوەتەوە کەتێیدا ناوی ئەوانە هاتووە کەشایستەن ببن بەئەندام لەئەنجومەنی ئەعیان لەوانە نوێنەرە روحانیەکانی جولەکەو مەسیحیەکان. گرنگی ئەندامێتی لەو ئەنجومەنەدا لەوەدایە کەئەندامێتیەکە بۆ هەتا هەتاییەو کەسیش، تەنانەت سوڵتانیش، بۆی نیە مافی ئەندامێتی لەهیچ ئەندامێك بسەنێتەوە.

ئیسلام مێژوویەکی پەرلەمانی نیە. پێکهێنانی پەرلەمانێك لەساڵی ١٨٧٦ لەدەوڵەتی عوسمانیدا ڕەنگدانەوەی تینو تاوی پرۆسەی مۆدێرنێزەکردن بوو کە بەداهێنانی چەند دامودەزگایەك کە نە لەمێژووی ئاینی ڕۆژهەڵاتدا بونیان هەیەو نە لەمێژووی سیاسیدا، کرۆکی عەلمانیانەی خۆی تۆکمەتر کرد. شتێکی بەڵگەنەویستیشە کەتەرخانکردنی دەزگایەکی تایبەت لەدەوڵەتدا بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کەیاسادانانو چاودێریکردنی دامودەزگاکانی ڕاپەڕاندنی ئیشوکارە، ڕادەی پرۆسەی بەعەلمانیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت لەتورکیای عوسمانی دەردەخا.

ئەم پرۆسەیە بۆ مەودای دور، کە لەمێژووی ناوچەکەدا نمونەی نەبو، هەنگاوی هەڕاوی هەڵهێنا. لەم سەروبەندەدا بۆ یەکەم جار لەمێژووی یاسایی ڕۆژهەڵاتدا وشەی ((نیشتمان)) چوە ناو دیکۆمێنتێکی فەرمی گرنگەوە کەدەستوری عوسمانیە. پرۆتۆکۆلی سوێندخواردنی یاسایی



ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا سەپاند کەپەیمانی وەفاداری بۆ سوڵتانو نیشتمانو دەستور بدەن. سروشتی پەیوەندی نێوان سوڵتان کەسەرۆکی دەوڵەتەو نێوان نیشتمان کەتەواوی هاووڵاتیانی دەوڵەت لەخۆ دەگرێ، ڕەنگدانەوەی سروشتی پەیوەندی نێوان دەوڵەتو هاووڵاتیانە، پەیوەندیەك کەتێیدا سوڵتان دەبێتە سیمبولی دەوڵەتو هاووڵاتیەکانیش دەبنە سیمبولی ئەو سنورەی زەمین کەدەوڵەتی لێپێکدێو دەوڵەت سەرداریێتی خۆی بەسەردا دەسەپێنێ.

دەستورەکە ماددەیەکی گرنگی تێدا بوو کەماددەی شانزەهەمە. ئەم ماددەیە پەیوەندی بەڕێکخستنی بواری فێرکاریەوە هەیەو لەم سەروبەندەدا دەبوایە هەمو خوێندنگەکان لەژێر چاودێری دەوڵەتدا بن. ئەمەش بەو مانایە دەهات کەدەوڵەت بواری فێرکاری قۆرخ دەکاو هێزە کۆمەڵایەتیەکانی تر، وەك چینە روحانیەکان، هیچ کاریگەریان لەسەر مەسەلەی پەروەردە نابێ. ئەگەرچی ئەم

مەسەلەیە تا ماوەیەکی دورو درێژ وەك مەسەلەیەکی تیۆریکی مایەوە، بەلاّم ئەمە مۆرکی بوێرانەی لیّ داناماڵیّو رۆڵی لەپێکهێنانی چینێکی خوێندەواری نویّ کەم ناکاتەوە، بەتایبەتی کەمیتۆدی زانستیی خوێندنگە تازەکان لەمیتۆدە کلاسیکیە رۆتینیە کرچو کاڵەکان سەرکەوتوتر بوو.

سەرەڕای گرنگی دەستور بۆ دابینکردنی دەوڵەتێکی پشت ئەستور بەیاساو رێگرتن لەتاکڕەویو دکتاتۆری، هێزە کۆمەڵایەتیەکان هێشتا بەپێی پێویست سەریان لەبایەخی دەستور دەرنەدەکرد. لەڕاستیدا دەستور، بەپلەی سەرەکی، خواستی دەستەبژێرە رۆشنبیرە لیبرالە چاکسازیخوازەکان بوو، خواستی جەماوەر نەبو. کورتبینیو سەردەرنەکردنی جەماوەر لەبایەخی دەستور، بۆ ماوەیەکی دورو درێژ رێگر بوو لەبەردەم داواکردنی. تێگەیشتنی چەوتی موسڵمانەکان لەئاین رۆڵێکی خراپی لەخەباتی دەستوریدا هەبو. هەندیّ لەهێزە کۆمەڵایەتیەکان بۆچونێکی فرە نەگەتیڤیان



دەربارەی دەستور هەبو، بەشێوەیەك کە وا تێگەیشتبون دەستور جیّ بەقورئان لیێژ دەکاو ئاسەواری لەژیانی گشتیدا ناهێڵیّ. دیارترین نمونەی ئەم وێنا چەوتە چەند بەیتە شیعرێکی تورکیی شاعیری بەناوبانگی کورد شێخ رەزای تاڵەبانیە کەتێیدا بەوە ناوەستیّ کەدەستور بە((وڕێنە)) ناو ببا، بەڵکو تەواوی یاساکان بەوڕێنە دەناسێنیّو تەنها دان بەیەك یاسادا دەنیّ کەیاسای خوداییە، واتە شەریعەت. ئەم نمونەیەو چەند نمونەیەکی تر، گوزارشت لەوە دەکەن کەکۆمەڵی پارێزگاری ئەو سەردەمە هێشتا نەگەیشتبوە ئەو ئاستەی کەپەیوەندی نێوان یاسای مەدەنی نوسراوو نێوان پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی تێبگات. شێخ رەزا لەهەمان گۆشە نیگای کۆنەپەرستانەی ئاینیەوە، لەشیعرێکی دیکەیدا لێکدانەوەیەك بۆ هۆی تێکچونی رەوشی گشتیو پاشەکشەی رۆڵی ئاینو گەندەڵی دەوڵەتو پەرێشانی گەل پێشکەش دەکاو پەیوەندیەك لەنێوان سوکایەتیکردن بەئاینو راگەیاندنی دەستور دەدۆزێتەوەو

وای بۆ دەچێ کەراگەیاندنی دەستور یەکسانە بەوازهێنان لەقورئان[18].

لەکارخستنی دەستوری عوسمانی بەئاسانی، لەسەر دەستی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، زۆر بەئاشکرا لەرزۆکی پابەندبونی ئەخلاقی سوڵتان بەمەسەلەی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەتو پێکهێنانی دامودەزگای دەستوریو پیادە کردنی ڕێوشوێنی دیموکراتیانە لەحوکمڕانیکردندا نیشان دەدا. ئەم بابەتە گوزارشت لەمەسەلەیەکی قوڵتر دەکا. ئەو بیروباوەڕە عەلمانیانەی لەگەڵ بزوتنەوەی چاکسازیو هەوڵەکانی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەتدا سەریان هەڵدا، ئەوەندە بەهێز نەبون کەرەگوڕیشەیان لەناخی کۆمەڵدا بچەسپێ. لەم رووەوە، پایتەختو هەندێ ناوچەی نزیک ئەورووپای لێ دەرچێ،

[18] بۆ دەقی شیعرەکان، بڕوانە: دکتۆر عیززەددین مستەفا رەسوڵ، شێخ رەزای تاڵەبانی، چاپخانەی عەلا، بەغدا، ١٩٧٩، ل ١١٣.



ریفۆرمەکانو بزوتنەوەی مۆدێرنیزەکردن کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمەکان بەجێ نەهێشت. ئەوەی ئەمە روندەکاتەوە، ئەوەیە کەئەو خوێندنگایانەی لەهەرێمەکان دامەزران، لەوانە لەعیراقو کوردستان، ئاسەوارێکی زۆریان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیو کەلتوری بەجێنەهێشتو دواتریش، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، تەنها بۆ ریکلام مانەوە[19].

پشتبەستن بەشیکردنەوەی هەلومەرجی قۆناغی چاکسازیەکان، گومان لەوەدا ناهێڵێ کەتێڕوانینی عوسمانیەکان بۆ عەلمانیەت ئەوەندە پەرەینەسەند کەبگاتە رادەی لێکجیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت بەیەکجاری. وەك لەدەستوری عوسمانیدا دەردەکەوێ، عوسمانیەکان پەراوێزێکیان بۆ رۆڵی ئاینی دەوڵەت هێشتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا لەناواخنی دەستورەکەدا تایبەتمەندیەکیان

[19] عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، الجزء الثامن، الطبعة الثانية، منشورات المكتبة الحيدرية، قم، ١٣٨٣، ص ٣١٦.

دایە هەر یەك لەئەرکی ئاینیو ئەرکی سیاسی، لەم سەروبەندەدا تێڕوانینیان بۆ عەلمانیەت ئەوەندە پەلی نەهاویشت کە لەچوارچێوەی بەعەلمانیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت دەرچێو بگاتە رادەی داشکاندن بەلای بەعەلمانیکردنی کۆمەڵدا.

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. بڵاوکراوەکان | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | ن.عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ١٢ | پێگـــــەی میـــــدیا لەهەڵبـــــــــــژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| | ١٤ | جیهـــانگیری ، فاکتـــەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |

## لەبڵاوکراوەکانی
## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي — دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| 327 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح بروارى | ٢٠١٠ |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| 329 | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی | حاكم قادر حمەجان | ٢٠١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | رووبەڕووبوونەوە | عزيز | ٠ |
| 330 | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| 334 | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 338 | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| 339 | فیمینیزم | رەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| 340 | سیاسة التعریب في قضاء شنكال | بیان محمد سعید | ٢٠١٠ |
| 341 | الامن و مستقبل السیاسة الدولیة | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| 342 | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| 343 | مسرحیات و تحلیل | فریدریش دورینمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| 344 | رجعیة القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانیة | زانا رفیق سعید | ٢٠١٠ |
| 345 | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی<br>و. رەوا حاجی | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| 346 | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| 347 | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| 348 | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |
| 349 | رۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێرساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| 350 | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| 351 | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | هۆشیاری، ژمارە (٥) | | |
| 352 | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| 353 | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| 354 | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| 355 | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| 356 | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| 357 | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| 358 | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ئەرکەکانی | | |
| 359 | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| 360 | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | و. لەعەرەبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| 361 | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| 362 | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |
| 363 | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>سالح رەحمان | ٢٠١٠ |
| 364 | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | |
| 365 | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| 366 | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| 367 | جیهانگیری عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |